نەسائی لەمانگی صفری ساڵی (٣٠٣) ی کۆچی بەرانبەر بە (٩١٥) ی میلادی وەفاتی کرد بەرەو لیقای خوای پەروەردگار کەوتەڕێ .
(خوای گەورە پاداشتیخێری بداتەوە و بەهەشت جێگای بێت)
(جزاه الله خيراً وأسكنه الجنة)

بەشی پێنجەم

## زانای فەرمووده‌ناس
## ئیمام ترمذی

ئیمام ترمذي ناوی (محمدی کوڕی عیسی کوڕی سورة ترمذية)لە عەشیرەتی (السلمی) محمدی کوڕی عیسی بە (ئەبی عیسی) بانگ دەکراو ناسراوە بە (ترمذي) .
ئیمام ترمذي لە ساڵی (٢٠٩-٢١٠) ی کۆچی لەناوچەی (ترمذي) کە ئەکەوێتە باکوری ڕوباری (جیحون) ەوە لەدایك بووە .
ترمذی هەر لەمناڵیەوە هەوڵی زانست و زانیاری دەدات و دەست دەکات بە خوێندنی لای زانایان و شەرع زانان و دەبێتە یەکێك لە مامۆستایان و فەقیهەکان .

## مامۆستاکانی ئیمام ترمذی و گەشتەکانی

ئیمام ترمذی پاش ئەوەی کەوتە گەشت و گەڕان بەدوای فێر بوونی زانیاریدا . بینایی چاوەکانی لەدەست ئەدات و کوێر ئەبێت . ترمذی چەندین وولات ئەگەڕێ هەر وەك عادەتی قوتابیانی عیلم بۆ فێر بون و زانست و زانیاری لەوانەش :-
(خۆراسان - عێراق - حیجاز - بغداد - بەصرە - کوفە - ..... هتد) .
لەو گەشتە چەندین وولاتیەی ترمذیدا بە خزمەتی زۆرێك لەزانایان و بلیمەتان و پێشەوایانی زانستی حەدیس و فیقهی ئیسلامی گەیشتووەو

لێوەيـان بەهرەمـەند بـووەو جێگـەی مامۆسـتاكانی بـیر كردۆتـەوە . لـەو مامۆستاو زانايانە : –

١–(قوتەيبەی كوڕی سەعيد) .

٢–(ئيسحاقی كوڕی راهويە) .

٣–(محمدی كوڕی رافع) .

٤–(يحيى العدنی) .

....... و چەندەهای تر لە زانايان و شەرع زانان .

## قوتابيەكانی ئيمام ترمذی

ئيمام ترمذی هەر كوێر بووەو چاوەكانی ڕۆشنايی تێدا نەبووە بەڵام خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ڕۆشنايی خستە دڵی كۆمەڵێك لەقوتابيان و زانايـان . قوتابيـانی بـە وێنـەی پەروانـەی دەوری ڕۆشـنايی زانسـتی ئـەم زانايـە بـون هەميشە عەودالی بەهرە و تواناكانی بوون لەوانەش :–

١–(ئەبو بكر سمرقندی) ،

٢–(ئەبو حاميدی مروزی) ،

٣–(ئەحمەدی نەسەفی) ،

٤–(مەكی كوڕی نوح) ،

٥–( محمدی كوڕی محمدی هەرەوی ) ،

٦– (ڕەبيعی باهلی) .... وچەندەهای تر .

# زانستى ئيمام ترمذى

ئيمام ترمذى وەك هەموو زاناو پێشەوايەكى تر لەبوارى زانستدا ئيمام بووە بەتايبەتى لە : -

١-زانستى فەرموودە : كتێبى (الجامع) كە يەكێكە لەشەش كتێبە صەحيحەكە شاهيدى تواناو بير تيژى ترمذى يە لەزانستى فەرموودەدا

٢-زانستى عيللەتى فەرمووده : ترمذى يەكێك بووە لەوانەى لەبارەى ئەم زانستە نوسيويانەو زۆريش پشتى بە (بوخارى) بەستوە .

٣-زانستى جرح والتعديل : زۆر كەمن ئەوانەى توانيويانە وەك ترمذى لەدەرياى عيلمێكى ئاوەهادا مەلە بكەن و بەئاسانى ئەمبەرو ئەو بەر بكەن .

٤-زانستى فيقه : ترمذى : زانيارىيەكى فراوانى بەسەر مەزهەبى شەرعى (شافعى و ئەبو حەنيفە و ماليك و ثەورىو ئەحمەدى كورى حنبل و ئيسحاق بن راهويە ) دا هەبووەو هەمووى لە كتێبە بەناو بانگەكەى (الجامع) دا ياداشت كردووە و راى خۆشى لەگەڵ باس كردون .

# كتێبەكانى ئيمام ترمذى

ئيمام ترمذى لەدواى خۆى چەندەها نوسراوو كتێبى بەجێ هێڵاوە . كە لەماوەيەكى زۆرى هەوڵدان و تێكۆشان و گەشتەكانيدا پێى گەشتووە و لەمامۆستايان و مجتهدان و فەقيهەكانەوە بيستويێتى تا ئێستاش موسڵمانان لەسەر تاسەرى جيهانى ئيسلاميدا بەگشتى سودى لێ وەردەگرن . لەوانە :-

١-(الجامع) كە ناسراوە بە (السنن) ياخود بە (سونەنى ترمذى) و يەكێكە لە (صحاح الستة) .

٢-(العلل) كتێبێكى زۆر بەكەڵك و فراوان ووردە .

٣-(الشمائل) باسى سيفەتەكانى پێغەمبەر (ﷺ) دەكات.

٤-(أسماء الصحابة) کەناوی هاوەڵانی پێغەمبەری (ﷺ) تیا تۆمار کراوە .... وچەندەها کتێبی تر .

## السنن ی ئیمام ترمذی

ئیمام ترمذی وەك یەکێك لە قوتابیەکانی ئیمام (بوخاری) لەسەر نەهج و پرۆگرامی بوخاری ڕۆشتووەو لە کۆکردنەوەو گەیاندنی فەرموودەدا ، بەڵام ئەوەی ترمذی جیا دەکاتەوە لە مامۆستاکەی ئەوەیە ترمذی لەسەرەتاوە فەرموودەکان تۆمار دەکات و باشتر ڕای مەزهەبەکان و عیللەتی حەدیسی تیانوسیوە

ترمذی خۆی دەفەرموێ (ئەوەی وای لێکردین کە قسەی فەقیە و زاناکان و عیللەتی تیا پاداشتی بکەین پرسیاری خەڵکی بووە . ماوەیەك فەرموودەمان دەنوسی پاشان بە ئومێدی سودی زیاتر بەشی فەتواو ڕای زانایانم بۆ زیاد کرد) .

بەڵام لەڕوی سەرچاوەو ناوەڕۆکی سونەتی ترمذی زۆر بەوردی بەدوای سەرچاوەکاندا ڕۆیشتووە و بە کتێبی (موطأ ی ئیمام مالك و مسند ی شافعی و نوسراوەکانی وەکیع و سوفیان و عبدالرزاق و بوخاری ئیبن موبارەك و تەواریخی) زۆر موتەئەسیر بووە .

شایانی باسە ئیمام ترمذی ئەم کتێبەی ناونا (الجامع) بەڵام ناویان لێ نا (السنن) .

ئیمام ترمذی لەبارەی (السنن)ەوە دەفەرموێ (ئەم کتێبەم نوسی و خستمە بەردەستی زانایانی (حجاز و عێراق و خۆراسان) ئەوانیش پێی ڕازی بون وە هەر کەس ئەم کتێبە لەماڵی دابێت وەك پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵیدا قسە بکات وایە) .

## ستایشی زانایان و شایەتی پێشەوایان

ئەم زانا بەتەقواو زاهیدو واریعە کەسینەی پڕ بووە لەتەقواو زانست و عیلم و لەلایەن هاوەڵان و زانایانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی مەدحی زۆری کراوە کە وەك مەدالیای فەخروان بە سنگی زانای پایە بەرز ئیمام ترمذیەوە لەوانە :-

١-(ئیبن حبان) ئەفەرموێ (ئەبو عیسای ترمذی یەکێکە لەکەسە دەگمەنەکان کە توانیویانە فەرموودەکانی رسول الله (ﷺ) کۆبکەنەوە) .

٢-(عومەری کوڕی حافظ)ئەفەرموێت (بوخاری لەهەموو خۆراساندا قوتابیەك یاخود کەسێك ی بەجێنەهێشتووە کە باشتر بێت لە (ئەبو عیسای ترمذی) لەزانست حیفظ و وەرع و دنیا نەویستی دا ).

٣-(ئەبو سەعیدی ئیدریسی) ئەفەرموێ (جامعی ترمذی لەلای من لە جامعی (بوخاری و مسلم) باشترە چونکە کتێبی بوخاریو مسلم کەس ناتوانێ سودیان لێ وەربگرێت جگە لە زانایان بەڵام کتێبی (أبی عیسی ترمذی) هەموو کەس و قوتابیان ئەتوانن سودی لێ وەرگرن) ..

## کۆچی دوایی ئیمام ترمذی

پاش ئەوەی ئیمام ترمذی تەمەنێکی پڕ لەبەرەکەتی زۆری لە فێر بوون و گەیاندن و نوسینەوەی زانستدا بەسەر برد لەگەڵ ئەوەی سێ لەسەر چواری تەمەنی بەکوێری دەباتە سەر .

پاش تەمەنێکی پڕ لە زانستی (٧٠) ساڵی پاش ئەو هەموو بەرهەمە نایابانەی کە بۆ نەوەکانی خۆی و قوتابیانی زانستە شەرعیەکان بەجێ‌هێشت .

لەشەوی دوشەممەی (١٣) رجب ی ساڵی (٢٧٩) کۆچی لەگوندی (بوغ) کە سەربە ناوچەی (ترمذ)ە

گیانی پاکی دەسپێرێت و بەرەو لیقای خوای پەروەردگار دەکەوێتە ڕێ .

(خوای گەورە جەزای خێری بداتەوە و ڕەحمی پێ بکات)

(رحمه الله وجزاه خيراً)

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ ماڵپەری ئیمان وەن